سەید حەکیم: سنووردارکردنی چەك و نەهێشتنی گەندەڵی و ئامادەکاری بە هەڵبژاردنە نوێیەکانی داهاتوو پێشینەی کارەکانی ئێو قۆناغەیە

لەچوارچێوەی سەرکردایەتی کردنی کۆبوونەوەیەك بە دەستەی بیروا لە ووتی حیکمەی نیشتمانی سەماحەتی سەید حەکیم سەرکی هاوپەیمانەتی هەزە نیشتمانییەکانی دەوڵەت ستایشی ئەرکی ڕەکانی ووتەکەیان کرد لە بەڕێوەبردنی شەوانی عاشووراى مانگی موحەرەمی حەرام یادی شەهیدبوونی ئیمام حوسێن (خوا لێی ڕازی بێت) و سەماحەتی ڕوونی کردەوە کە ئێوە لە میانەی مەزنکردنی ڕووسمەکانی خودای گەورەیە.

بەڕێزیان پشتیوانی خۆی بە هەوڵەکانی حکومەت بە سنووردارکردنی چەك لە دەوڵەتدا دووپاتکردەوە، هەموو ئێو هەوڵانەشی بەرز نرخاند کە بەشداربوون لە گەیشتن بەو ئامانجە و جەختی لێوە کردەوە کە سنووردارکردنی چەك بە دەوڵەت ڕاستییەکی چەسپاوی دەستووری و یاساییە کە کراوە نییە بە سازان ومامەڵە لەسەر کردن.

هەروەها بەڕێزیان پشتگیری خۆی بە ڕەبازی چاکسازیخوازانەی حکومەت لە بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی و وەرگرتنەوەی سامانی گشتی دووپاتکردەوە، هەروەها دووپاتی کردەوە کە دەبێت جەخت لەسەر گرنگی گرنگیدان بە پرسە گەورەکان و لانەدان بە بابەتە پەراوێزییەکان هەبێت تا ڕەگە بە کەسایەتییە گەورە گەندەڵەکان نەدرێت لە لەپرسینەوە ڕزگاریان بێت.

لەکۆتاییدا سەید حەکیم داوای ئامادەکاری پێشوەختەی بە هەڵبژاردنە ناوخۆییەکانی داهاتوو کرد، هەروەها جەختی لەسەر پێویستی ڕەوتی حیکمەی نیشتمانی کردەوە بە زیادکردنی چیرەکی سەرکەوتنی دیکە بە تەمارەکەی، هەروەها داوای کرد کە کراوە بن بەرامبەر بە خەڵك و پێشکێشکردنی خزمەتگوزاری ڕاستەقینە بە گوێرەی ئێو سەرچاوانەی کە لە بەردەستدان...